میدیایەکی ئیسرائیلی: ڕوسیا بە نهێنی نێوەندگیری لە نێوان ئیسرائیل و سوریادا دەکات

سەرچاوە ئەمنییە ئیسرائیلییە ئاگادارەکان ئاشکرایان کردوە کە ڕوسیا بە نهێنی ڕۆڵی نێوەندگیر لە نێوان ئیسرائیل و سوریادا دەگێڕێت، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان هەردو وڵاتدا، ئەوەش بە ڕازامەندی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
سەرچاوەکان بە دەستەی پەخشی ئیسرائیلیان ڕاگەیاندوە، لە ئەستادا ئازربایجان سەرپەرشتی کەبونەوە و وتوێژە ڕاستوخۆکان دەکات، لەوانەش سەردانی بەرپرسانی باڵای هەردولا بە باکۆی پایتەخت، لە کاتێکدا مەسکە لە پشت پەردەوە کار دەکات بە بەرەوپێش بردنی پرۆسەکە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی ئیسرائیلی کە ئاگاداری وردەکاریەکانە، ئاماژەی بەوەکردوە کە مەسکە و دیمەشق پێیوەندیەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر دەکەن، دەشێت، ڕوسیا لە مانگی ڕابردودا سەرباز و کەرەستەی سەربازی بە ناوچەی کەناراوەکانی لازقییە گواستوەتەوە، دوای ئەوەی پێشتر و بەهەی کوتنی ئژەمەکەی بەشار ئەسەد بونی خۆی کەمکردبوەوە، ئەستا گەڕاوەتەوە بە چالاکی چە لە سوریا.
بەگوێرەی سەرچاوەئاگادارەکان، ئیسرائیل پێی باشە ڕێگە بە بونی ڕوسیا بدات لە ناوچەکەدا، لەجیاتی ئەوەی هەژمونی تورکیا لە باشوری سوریا بەهێزتر بێت.